The Centre of Halabja
Against Anfalization and
Genocide of the Kurds
C.H.A.K
www.chak.info

Nawendî Helebce
Dij be Enfalkirdin u
Cinosaydî Gelî Kurd
ÇAK
contact@chak.info

# پێویستە کەسانی بەشدار لە تاوانکاریەکانی ئەنفال بهێندرێنە دادگا

وەکو لە پرۆسەی دادگاییەکەدا تائێستا دەرکەوتووە، جگەلەوەی سکاڵاکەران تێکەڵوپێکەڵیان سەبارەت بە هێرشەکانی ئەنفال و کات و کیمیابارانی ساڵی 1987 ەوە پێوەدیارە، سەبارەت بە پانتایی هێرشەکانی ئەنفال بە گونجاوی دابەش نەکراون. هاتنی سکاڵاکەران یەکلایەنەیە و تەنها خاوەن قوربانیانی کورد سکاڵایان لەسەر تاوانەکە هەیە.
بۆ زیاتر ئاشکراکردنی تاوانەکان، پێویستە:

- هێنانی سکاڵاکەری زیاتر بە پێی پانتایی شاڵاوەکانی ئەنفال، بۆ ئەوەی بەرفراوانی کارەساتەکە چاکتر دەرکەوێت. ناکرێ کارەساتێکی ئەوها گەورە بە 60 سکاڵاکەر کۆتایی پێ بهێندرێت، لە کاتێکدا بە هەزاران سکاڵاکەر هەن.

- کەسانی بەشدار لە تاوانکاریەکانی پرۆسەی گەلکوژی ئەنفال، بە تایبەتی ئەوانەی ویستیان بۆ بەشداریکردن لە دادگادا هەیە، پێویستە بهێندرێنە دادگا و پەنجەلەسەر چۆنیەتی ئەنجامدانی تاوانەکان دابنێن و ڕوونیان بکەنەوە. پێویستە ئەو کەسانەی ئامادەییان هەیە، دەستیان بۆ درێژ بکرێت و یارمەتی هاتنیان بدریت.

- پێویستە ئەو کەسە بشداربووانە بدۆزرێنەوە و کارئاسانیان بۆ بکرێت، وەکو مسۆگەرکردنی ئاسایش، خەرجی ڕێگاوبان و پێدانی یارمەتی دارایی بۆ ئەوەی بتواندرێ بهێندرێنە دادگا.

- پێویستە فرۆکەوانەکانی کە بەشداریان لە کیمیابارانی کوردستان کردووە، بهێندرێنە دادگا.

- پێویستە دەسەڵات هەموو هەوڵێک بۆ دۆزینەوەی تاوانباری ناسراو بە **حەجاج** بخاتەگەڕ، ئەوە لەسەر دەسەڵاتی کوردی و ئێراقی وەکو یەک ئەرکە.

ئەوانەی ئاماژەیان بۆکرا، جێبەجێکردنیان ئەرکی دەسەڵاتی کوردی و ئێراقی و دادگاکانن. ئەگەر کەسانی بەشداربووی تاوانکاریەکان لە ئاست و شوێن و کاتی جیادا نەهێندرێنە دادگا، جگەلەوەی ئاشکراکردنی ڕاستی و مەبەستی تاوانکاریەکە بە تەواوی نادرێتە دەست، بەلکو گومانیش دەخاتە سەر تەواوەتی بڕیاری کۆتایی دادگا.

ناوەندی چاک
2006.11.20